
شیعر



عەباس عەبدوڵڵا یووسف

# کۆمەیەک هۆنراوەی تاکدێڕی

* دەنکە خوێیەکی زێدە، نۆستالگیامی کردە ئایندەپەرستی.

* بەس نیشانەی پرسیار نەنێرە...؟ ئەمە خۆی پرسیارێکی خورت و نێرە!

* بە چەقۆ (K) لە knife جوێ دەکەمەوە.

* دڵۆپێک نەوت چەند دڵۆپە خوێن دێنێ؟:

هەزار دڵۆپەی مرۆڤ، ٩٠١ دڵۆپەی فیل ٢٠٠٧ دڵۆپەی مەیموون، پێنجیەکی دڵۆپە خوێنێکی ئەسپی.

* خۆم، دیسان خۆم. پاشانیش هەر خۆم، ئەوجا ئەنجامەکەشی نامنێ ناخۆم.

* بەسواری کەرێکی سپی و سێپی، بەناو سێ سێگۆشەی ئاگراوی ڕەتبووم.

* لە جووتبوونێکی ناشەرعیدا، دەنکە سیر سکی پڕبوو و بناوکەیەکی لێزا.

* لە ئانی غاری دا، بەراز ئاشقانە ئاوڕی لە پێشکە دایەوە و تامپۆنی بە مەگنیسیۆم کرد.

* جوان و دڵڕفێن و ڕۆمانسی!!! وێنەی مانگ لەسەر باراناوی ناو قەپاغی شووشەیەکی بەتاڵ.

* کاش کۆتایی هات، هەوکە کاخۆر، ماکدونالد بە کۆکا دەخوات و گرنگیش نییە پاشان پێ دەرپشێتەوە.

* هەندەی نەمابوو هەڵیمژم، ئۆکسجین لێم غەزری و داوای (بایانە)ی لێ کردم.

* بێچوە مشکێک پاڵەوانانەو مارکسیانە هاواری کرد: کیسەی سەرمایەدارێکم کون کرد.

* چوومە سوپەرمارکێتێک، شووشە هەنگوین کرپیمی، کاژمێری زێرکەش کرپیمی،

* چ ژنانێکن!!! لە ئاهەنگێکی نانهێنیدا پیاوانیان خەساند.

* چەقۆ هەر بەڕووتی بینراوە.

* میسرییەکان خزمی نزیکی خۆمانن، ئەوان هەڕەمیان هەیەو ئێمەش هەرمێ.

* لە ٩٩٪ لە تیـۆری رێژەیەکی ئەنیـشـتـاین گـەیشـتم، لە ١٪یش لە زمـان دەرهێنـانی خودانەکەی نەگەیشتم!

* پەنجەکانی پەشیمانیم نەگەست، هەڵملستن، گرفتم نەما.

* پێی لێ نەنێی، جاریجاران نییە، ئێستا مێرووڵەش چەکی ئەتۆم و لێزەری پەیدا کردووە.

* شێرەکەی مەترۆ گۆڵدوین مایەر بەرەڵلا بوو وتێکرای بینەرانی ناو هۆڵی سینەما خوارد.

* بە ترومـبێلێکی پێـشـبرکی چوومـە بن کراسی، خرا و خێـرا بەسـەر جەسـتەی نەرمی هاژوژتم و لەناو ناوکیدا هەڵدێرام.

* لەوانەیە لە سەرکی لاشەی ناو گۆڕم، درەختێک برویێ هەم مورتک بێ و هەم خەنە.

* قورت بەسەری خامۆشی!!! هەر مرۆڤێکی ئەمڕۆ هەزار زمانی پێوەیە.

* دڵ، بۆچی نەندازی؟ نەتۆپی، نە لوولەک، نە هەڕەمێ؟

* باران باری و قـورسـایی هەر دڵۆپێک سـەدو پەنجـا کـیلۆ بوو، دڵۆپـەیەکـیـان ئاوێنەی ئاشقێکی دێهاتی هورد هورد کرد.

* ماڵەوەدان، بووکۆڵەش ئایدیۆلۆژیا هەیە!

* سلاوم لە ڕووباری تێژڕۆ کرد: نەختێ بحەسێوە و پەرداخە ئاوێک بخۆرەوە.

* بایەقوش عوسمانلییە.

* چاو خۆی کردە مێشک و دەمودەست مرد.

* دووکەڵی جگەرەی ناو وێنە فۆتۆی ڕەش و سپیت، منی کردە دووکەڵمژ، خوا بتگری!

نۆستالگیا = nostalgiaنۆستالێرە، نۆستالیژیا غەریبیکردنی نیشتمان یا ڕابردوو یان هەر بارودۆخێک کە زۆر زەحمەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە

هەوکە: ئێستاکە.

بناوکە: غواصە، ژێراوک

تامپۆن: پێکدادانی ئوتومبێل

کاخۆر: ئاژەڵێ یا کەسێ کا بخوات

ماکدۆنالد: مارکەی کۆمپانیایەکی بەناوبانگی خواردنی خێرایە وەک سەندەویچ (لەففە)و هی تر.

بایانە: باجی با

مـەترۆگـۆڵدوین مـایەر: Metro Goldwyn Mayer کـۆمـپـانیـایەکی بـەناوبانـگی هۆڵیـوودەو ئەستوندەیەکی بەهێزی سینەمای ئەمریکییە.

نەنداز: نا ئەندازەیی

بایەقـوش: بادەقـوش، باوەقـوش، جـۆرە کـوندەبۆیەکی کـەلاوە نشـینـە، ناوی بەشـووم و بـەدیۆمی دەرکردووە.

خرا: خراپ

ماڵەوە دان: ماڵ ئاوەدان

مەگنیسیۆم: Magnesium توخمێکی کیمیاوییە، لە هەموو کانزاکان سووکترە و بۆ دروستکردنی هەندە فرۆکە بەکاردێت.

لە وێنەیەکی بەناوبانگی خۆیدا، ئەنیشتاین زمانی خۆی دەرهێناوە